# کاسترۆکانی کورد بە هیچ مادەبەکی دەستوری نابنە ماندێلا و غاندی!!!!

ناصح عبدالرەحیم /هەڵەبجەی شەهید

ئەگەر سەرەنجی ئەو مانشێتەی سەرەوە بدەین دەبینین ناوی سێ کەسایەتی خاوەن مێژوی تایبەت بەخۆیان لەخۆ دەگرێت."**ڤیدڵ کاسترۆ,ماندێلا, غاندی**".ڤیدڵ کاسترۆ بەر لە هەموو کەس سیاسی و کاربەدەستانی ئەمرۆی کوردستان باشتری دەناسن و ئاگارین و کە چۆن و بەچ شێوەیەك خەباتی کردو و چی بەرهەم هێناو ئەنجامەکەی بە چی گەشت,لەبەر ئەوەی کاربەدەست و سیاسی و بەرپرسەکانی ئێمە هاوپیشەی کاسترۆن پێویست ناکات باسی کاسترۆ بکەین زۆری لەسەر بدوێین هێندە نەبێت کە ,وەبیری کورسی پەرستانی ناو دەسەلأتی کوردی و هەموو ئەوانەی کە زیاتر لە سی ساڵە نوساون بە کورسی دەسەلأتەوەو بیر لەوە ناکەنەوە رۆژێك دەستبەرداری کورسی دەسەلأتبن, با جارێکی تر سەیرێکی ژیاننامەی کاسترۆ بکەنەوەو تێیبگەن ئەوەی وای لە کاسترۆ کرد لە کەسایەتیەکی ئازادیخوازەوە بۆ کەسایەتیەکی دیکتاتۆری هەنگاو بنێ و بەواقیعی ژیانیشی دیکتاتۆرانە ماڵئاوای لە جیهان بکات,تەنهاو تەنها کورسی دەسەلأت و خراپ بەکار هێنانیەتی لەو رۆژەی چووەتە سەر کورسی دەسەلأت.

لە ئەمرۆدا هەمووومان ئاشناین بە ماندێلاو غاندی و ئەو مێژووە جوان و پرشنگدارەی کە بۆ خۆیانیان تۆمار کرد.ئەوە باش دەزانین ئەوە چییە کە غاندی و ماندێلای کردوەتە ئەو کەسایەتیە بەرزو پیرۆزەی جیهان ,ئەو دوو کەسایەتیەی کەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی وەك رەمزی(ئازایەتی و تۆلێرانس و ئاشتی و ئازادیخوازی)دەمێننەوە و مرۆڤایەتی شانازیان پێوە دەکات.ئێستا دەپرسم تۆ بلێی ئەم دوو کەسایەتیە بە چ برگەیەکی دەستوری بوبێتنە خاوەنی ئەو مێژووە جوان و پرشنگدارە؟.

بێگومان هەمووومان دەزانین ئەوە غاندیو ماندێلا خۆیان نەبوون کە بە خۆیان بلێن رەمزو سیمبوڵ ,بەڵکو ئەوە کارو کردەوەکانی خۆیان بوو گەیاندنییە ئەو پلەو مەقامە, کە نەك هەر هاووڵاتیانی ووڵاتەکەی خۆیان بەڵکو لە هەموو جیهاندا بە رەمزو و سیمبولی جوانی دەناسرێنەوە,هەرگیز خەبات و تێکۆشانیان بۆ ئەوە نەبووە کە سبەینێ بەرهەمی ئەو خەبات و تێکۆشانەی خۆیان بخۆن و لەسایەو سێبەری ئەو خەباتەدا بژین کە بەدەستیان هێناوە.نامەوێت زیاتر ناحەقی بکەم بەرامبەر ئەو دوو کەسایەتیە مێژوویە چونکە من هەرگیز ناتوانم حەقی خۆیانیان پێبدەم لە باسکردندا,تەنها ئەوەندە دەڵێم دان دەنێم بەوەدا هیچ ووشەك لەهیچ فەرهەنگێکی زمانەوانی جیهانیدا کە بتوانێت بگاتە ئاست و بەرزی و گەورەی و پر شکۆی ئەو دوو زاتە,شکی نابەم,بۆیە زیاتریان لەبارەوە ناڵێم

ئەوەی من دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم( مادەی74 )ە لە رەشنووسی دەستوری هەرێمی زەرد و سەوز,کە کاسترۆکانی کوردستان دەیانەوێت بەمادەکانی خۆیانی پێبکەن بە ماندێلاو غاندی ,ئەك نەخۆن تاڵە هەرگیزاو هەرگیز شتی لەو جۆرە نەبووە ونە کراوە لە مێژووی هیچ میللەتێکدا,کەسانێك بکرێنە رەمز کە بە قوتی رۆژانەی منداڵانی ووڵاتەکەی خۆیان کۆشك و کۆمپانیاو حساباتی ملیۆنان دۆلار لە بانقەکانی دەرەوە بۆ خۆیان فەراهەم بێنن.دەبێت چیبێت کە لەناو ملیارەها مرۆڤی سەر زەوی ماندێلاو غاندی بکرێنە سیمبولی ئازادی و رەمزی لێبوردەی,لای هەموومان ئەوە روون و ئاشکرایە کە ئەوە برگەو مادەی دەستوری نەبوون کە خۆیان دایانبنێن و تا بە پێی ئەو برگەو مادانە کرابێتنە سیمبولی جیهانی. بەڵام دەبێت سەرمان لەوە سوربمێنێت بەرپرسانی گەندەڵترین حکومەت لە سەر زەویی لەمادەو برگەی دەستوردا داوا لە میللەت بکەن کە وەك رەمزو سیمبول تەماشا بکرێن؟

کاتێ ئێوە بەرپرسن لە هەموو ئەو نەهامەتیو دەردەسەری و نەبوونی و دزی و گەندەڵییەی کە ئێستا هەیە میللەت چۆن وەك رەمزی نەتەوەی سەیرتان دەکات ؟.

ئێستا با شرۆڤەیەکی مادەی 74 ی رەشنووسی دەستوری هەرێمەکەی بەرزان تاڵەبانیستان بکەین کە دەڵێت:

مادەی 74

"ڕێزگرتن بەرز ڕاگرتنی سیمبولەکانی بزاڤی ئازادیخوازی کوردی و شۆڕش و شەهیدەکانی و پاراستنی شکۆمەندی کەس وکاریان و پێشمەرگە دێرینەکان وخەباتگێڕان وبەشداربوان تیایدا ئەرکێکی پیرۆزە لە سەر حکومەت و هاولاٌتیانی کوردستان."

بوونی وەها مادەیەك لەم ڕەشنووسی دەستورەدا مایەی سەر سوڕمان نییە, ئەو جۆرە سەیرو سەمەرانە دەوەشێتەوە لە کەسانێك بەکردەوە نەیانتوانیبێت شتێکی ئەو تۆ بکەن کە میللەت وەك ڕەمزوو سیمبول تەماشایان بکەن ئەوا ناچار دەبن پەنا بۆ برگەو مادده دەستوریەکان بەرن بۆ ئەوەی چیان ویست بەسەر خەلکیدا بسەپێنن.بونی وەها مادەیەك لە دەستوری کوردستان مادەی خاوی ئەو کارگەیەیە کە دیکتاتۆرو لەسەر ڕەقە و هەمە چەشنە بەرهەم دێنێت.ئەوەندە بەسە لە وتارێکیتردا بە درێژی لەسەر مادەکانی دەستوری هەرێمی سیخوڕستان دەدوێم.

غاندی نزیکەی 650ملێۆن مرۆڤی هیندی ئازاد کرد بەبێ ئەوەی هیچ کەس بکات بە قوربانی.کاسترۆکانی کورد نزیکەی 500 هەزار مرۆڤی کوردیان کردە قوربانی بە بێئەوەی هیچ کام لە بەلێنەکانی خۆیان جێبەجێبکەن!غاندی ئەوەی بە جێهێشت چی بوو؟چەند بوو؟ئەی کاسترۆکانی کورد,ئەوەی هەیانە چییەو چەندە؟غاندی لە فارغۆنی چوارەمی شەمەندەفەر سوار دەبوو ؟

کاسترۆکانی کوردستان پارەی قوتی منداڵانی هەڵەبجەو گەرمیان دەدەن بە فڕۆکەو فڕۆکە خانە بۆ(...........)؟؟ماندێلا نزیکەی 30 ساڵ لە پێناوی ئازادیدا زیندانی دەکرێت ؟کاسترۆکانی کوردستان 30 ساڵە میللەتیان کردووەتە زیندان لە پێناوی پڕکردنی بانقەکانی ئەورووپا؟

بۆیە دەڵێم ئێوە میللەتێکتان کردە قوربانی و وولاٌتێکتان کاول کرد ,لەبەر ئەوە,تەنهاو تەنها میللەت و وولاٌتێکی کەلاوە دەبێتە ڕەمزو سیمبولٌ نەك خاوەن ڤێلا و خاوەن ملیارەها دۆلاری و خاوەن تیاترۆخانەو باڵەخانەو کۆشك و تەلارەکان؟؟؟

لە کۆتایدا دەڵێم هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێت هەڵەبجەیەکان وەك ڕەمزو سیمبول تەماشایان بکەن با 5 دەقیقە بتوانن بێنە ناو بازاڕەکەی هەڵەبجە!

ئەوەی ڕۆژێك بێتە ناو بازارە قوڕاوی و چاڵاوەکانی ناو شەقامەکانی هەڵەبجە,نەك هەر بە سیمبول و ڕەمزتان نازانێت ,بەڵکو تف و نەفرەتیش لەو شۆڕشە دەکات کە بووەتە سەبەبکاری وێرانی هەڵەبجە و مانەوەشی بەکاولی.

وەك گەنجێکی دانیشتوی ناو کەلاوەو کۆلاٌن و شەقامە قوڕاویەکانی هەڵەبجە بەسەرکردەکانی کورد ئەڵێم ئەگەر ڕاست ئەکەن و شەرم ناتانگرێت ئەوا با(دوو کەناڵە ئاسمانیەکەی kurdsat tv,kurdstan tv )هەر یەکەیان چارەکێك وێنەی ناو بازاڕو کۆلاٌن و قوتابخانەو نەخۆشخانەکان و کەلاوەکان هەڵەبجە بگرێت و ئێوەش سەیری بکەن و ئەوجا بزانن لە ڕوتان دێت بە ئێمەی هەڵەبجەیی بلێن دەبێت وەك ڕەمزو سیمبول سەیرمان بکەن؟!!